The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# با یادی ئەنفالی ئەمساڵ بکەینە ساڵی دیاریکردنی چارەنووسی 18 پاکیزەکەی میسر

# خۆپیشاندانی سەرانسەری بۆ بەردەم باڵۆێزخانەکانی میسر لە دەرەوەی کوردستان

پرۆسەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ناوی ئەو کۆمەڵە هێرشەیە لە 18-2-1988 ەوە رژێمی بەعسی عێراقی خەریکی ئەنجامدانی بوو لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور , کە لە بەرواری 6-9-1988 کۆتایی پێ هات ,

ئەم ئۆپەراسیۆنەی بە 8 قۆناغ ئەنجام دا بە هەموو پێوانەکان ، چ لە شێوازی نەخشە کێشان و دەست نیشانکردنی ئەو گرووپەی بەر شاڵاوەکە کەوتن و چ لە رووی بەربڵاوی کردەوەکە و ژمارەی قوربانیانی و زیانە مادی و مرۆییەکانی، یاخود لە جیاکردنەوەو قڕکردنی گروپێکی دیاریکراو کە بە ئەنفال ناوی دەرکردووە دەچێتە کردەوەی جینۆسایدەوە .

لە هێرشی دڕندانەی ئەنفالدا 182000 مرۆڤی کورد شوێن بزر کران و هەزاران گوند وێران کران، جگە لە زیانە مادییە لە ژمارە نەهاتووەکان و گواستنەوەی بە زۆری پاشماوەی قوربانیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان , کە ژیان تیایاندا هاوشێوەی ئۆردوگا سەربازییەکان بوو .

لە پرۆسەی ئەنفالدا سەرباری خاپوور کردنی هەزاران گوند و شارۆچکە , قەدەغکردنی ژیان لە دەرەوەی رێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکان , کۆکردنەوەی سەدان هەزار مرۆڤ لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان , دەیان هەزار ژن و منداڵیش زۆر بێ بەزەییانە بە کۆمەڵ کوژران و تا ئێستاش ئیسک و پروسکەکانیان نەگەڕێنراونەتەوە بۆ کەس و کارییان .

لە هەمان پرۆسەدا 18 پاکیزەی کوردی گەرمیانی بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی دەزگای موخابەراتی عێراقی نێردراون بۆ مەلهاکانی میسر , ئەمەش بە هەموو پێوەرێک بێت بۆ خۆی کۆیلەدارییە .

مەخابن تا ئێستا چەندین جار بە فەرمی داوای چارەنووسی ئەو کەس و کارانەمان لە حکومەتی میسر کردووە , بەڵام حکومەتی میسر بێ دەنگی هەڵبژاردووە و وەڵامی نوسراوی پێمان نەداوەتەوە , لە وەڵامدانەوەی نووسراو ترساوە , تەنها بە زار هاشای لێ کردووە .

سەربارى ئەم تاوانە  حكومەتى ميسر هاوكارى ڕژێمى بەعسى كردووە بە هەموو جۆرە چەكێك بە تايبەت چەكى كيمياوى لە سەركووتكرنى گەلەكەمان , بەمەش تاوانبارە لە هاوبەشيكردن لە جينۆسايدكردنى گەلى كورد .
بۆيە لە يادى كارەساتى ئەنفالى ئەمساڵ , ئێمە وەك ناوەندى چاك  لە دەرەوەى كوردستان كۆمەڵێك چالاكى جۆراوجۆر بۆ بەردەم باڵويزخانەكانى ميسر ڕێك دەخەين , وەك بەشێك لە كەمپينى ژنانى ئەنفالكراو كە لە 8 مارسەوە ڕامان گەياندووە .
بۆ ئەم مەبەستە داواكارين لە هەموو لايەك بە تايبەت ڕێكخراوەكانى ژنان و مافى مرۆڤ و ڕۆشنبيران و كەسانى ئازاديخواز و ژنانى تێكۆشەر و هەموو  هاووڵاتييانى خۆشەويست و مرۆڤانى ئازاديخواز , بەشدارى چالاكانە لەم كەمپينە جيهانييە بكەن لە پێناو  دياريكردنى چارەنووسى 18 پاكيزەكەى ميسر و دادگايى ئەو ولات و كۆمپانيايانەى چەكيان بە ڕژێمى پێشوو فرۆشتووە , بە تايبەت ميسر  .
بۆيە داواكارين هەموو بەشدارى لەم كەمپينە بكەن , چ وەك  لايەن ياخود وەك تاك  .

**ناوەندى هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جينۆسايدى گەلى كورد– چاك**
**2006–03–22**

**www.chak.info**
**chak_org@yahoo.com**

تێبينى :
زانيارى تەواومان لەبەر دەستدايە لە بەشدارى حكومەتى ميسر لە پرۆژەى بەرهەم هێنانى چەكى كيمياوى عێراقى , لەبەر نهێنى ڕاپۆرتەكەو بەكارهێنانى لە دادگادا  لە ئێستادا بڵاوى ناكەينەوە.